# جیابوونەوەی ژنو مێرد ..

# پەرتەوازەبوونی خێزانو شێواندنی کەسایەتی منداڵ

بێریڤان جەماڵ حەمە سەعید
b.hamasaid@chello.nl



هەڵبژاردنی خۆشەویستو بڕیاری دروستکردنی ژیانی هاوسەریی قۆناغێکی بایەخدارو گرنگە لەژیانی مرۆڤدا،

پرۆسەیەکی چڕوپڕەو گەشەی هیواو دڵنیایی لەئامێز دەگرێت، کاتێ ئەم پەیوەندییە لەبەر هەرهۆیەک بێت، کەوتە لەقیو بەکتوپڕیی یان لەماوەیەکی درێژەخایەندا شیرازەی پەیوەندییەکە پچڕاو کۆتایی پێهات، ئەوا جیابونەوەکە پرۆسەیەکی قووڵ لەهەستی جۆراوجۆری وەک نائومیدیو تووڕەییو لەکیسچوونو ترس لەئایندە دەگرێتەخۆ. دیارە ئەم کارەساتە نەک هەر هەڵتەکاندنی پەیوەندیی نێوان ژنو مێردە بەڵکو هاوکات لەدەستدانی هاوڕێکانو تێکچوونی پەیوەندیی نێو کەسوکاریش دەگرێتەوە. بەمانایەکی تر، جیا لەوەی ئەم لێکپچڕاندنە لەزۆر لایەنەوە چ بۆ ژنو چ بۆ پیاوەکە کارەساتە، لەهەمانکاتیشدا هەردوکیان ڕووبەرووی هەستی نادڵنیاییو گرژییو شپرزەیی دەبنەوە، بەچەشنێک هەموو جیهانی هەردوکیان دەبێتە برینێکی گەورە لەهەر لایەنێکەوە سەیری بکەیت، ئازارو ئەشکەنجەیە. لێرەوە ئەم جیابونەوەیە چەند بۆ دەوروبەرو کەسوکار بەگشتی نالەبارو گران بێ کە هەڵوەشانەوەی پەیوەندییەکە مانای شکستو کەوتنو سەرنەکەوتنی مرۆڤە، ئەوا ئاکامی ئەم لێکپچڕاندنە بۆ سەر منداڵ گرانترو سەخترو بەسوێترە، ئەم کارەساتە بۆ منداڵ بومەلەرزەیەکە، یاخود چۆن زەوی لەیەک دەترازێو قڵیش دەبات بەهەمان شێوە ئەم جیابونەوەیەش کاریگەری گەورەی بۆ سەر منداڵ دەبێ بەشێوەیەک هەستو سۆزو بیرو هۆشی منداڵ لەگرێژەنەوە هەڵئەکەنێت. چۆن منداڵ هەستی باوەڕکردنی بمێنێ لەکاتێکدا دایکو باوکی ئەو پەیوەندییە ڕۆحییەو پێکەوە ژیانیان پچڕاندوە؟ چۆن منداڵ هەستی دڵنیاییو بڕوابوون بەرامبەر بەژیانو خودی خۆی دروست بکات لەکاتێکدا جیهانی ناوەوەیان شێواندووە؟ چۆن بتوانن باوەڕ بەجیهانی دەرەوە بکەن؟ لەکاتێکدا دایکو باوکیان جێگای متمانە نەبن.لێرەوە جیابونەوەی ژنو مێرد، نەک هەر کەرتبوونی خێزانە بەڵکو کاریگەری ئەم کەرت بوونەش، لەسەر کەسایەتی منداڵو، وێرانکردنو زیانگەیاندنی وەفاو دڵسۆزی منداڵ بەرامبەر دایکو باوک دەگرێتەوە، ئەم کێشەیەش بە"کەرتبونی وەفایی"* ناسراوە، بنچینەی ئەو وەفاییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی "بوونی" منداڵ بەهۆی لەدایکبونیەوەو هاتنەدنیای، کە شتێکە حاشای لێناکرێو ناگەڕێتەوە، پەیوەستە بەو ڕاستیەی کە منداڵ لەبووندا بوونەوەرێکە سەربەخۆ نیەو متمانەی بەخێوکردنی لەسەر دەوروپشتەکەیەتی. ڕەگی ئەو وەفایەش پەیوەستە بەو بەندەی کە ئەو دوو مرۆڤەی بەیەکەوە بەستۆتەوە، هەتا تاکەکە بژی ئەو هەستی پەیوەندیەی بەو زەمینەیەی کە لێوەی هاتووە هەر دەمێنێ، هەرچیەک ڕووبدات لەکاتی بەخێوکردندا ئەو پابەندییەی دایک (باوک) لای منداڵ هەر دەمێنێو حاشای لێناکرێ. بۆ نمونە لەکاتی جیابونەوەی ژنو مێردێکدا، کچە هەشت ساڵانەکەیان دەیگووت : "ئەگەر باوکم پێمبڵێت لەلای من بژی، من دایکم هەڵدەبژێرم، گەر دایکم پێم بڵێت وەرە لای من بژی، من باوکم هەڵدەبژێرم". لێرەوە دەردەکەوێت، کە منداڵ لەم بارودۆخە دژوارەدا ڕووبەرووی کێشەیەکی گرانو سەخت دەبێتەوە، ئەم کێشەیەش

لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە منداڵ نایەوێت لەنێوان دایکیو باوکیدا هەڵبژێرێت، نەتوانینو نەویستی هەڵبژاردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستیەی کە هەموو منداڵێ بەسروشتیی لەخودی خۆیدا خاوەنی وەفاییە بەرامبەر باوکیو چ بەرامبەر دایکی. زۆرجار دایک، بەتایبەتی کە باسی کێشەی هاوسەریی دەکاتو دەڵێ منالەکانمان هەرگیز بەشەڕو گرژیو ناکۆکیمان نازانن، دەڵێن کاتێ ئێمە شەڕ دەکەین کە منالەکانمان لەلامان نین، لەئامارێکدا لەسەدا چلوپێنج لەدایکەکان دەڵێن منالەکانمان بەشەڕو ئاژاوەمان نازانن، بەڵام کە منالان ئینتەرفیوکران دەرکەوت کە ئەمە وانیە، لەسەدا هەفتاوپێنج لەمنالان ئاگاداری شەڕو ئاژاوەی دایکو باوک بوون.گەر دایکو باوک لەکاتی پرۆسەی جیابونەوە توانیان بۆ منالەکان ئەوە ڕوونو ئاشکرا بکەن کە ئەوان وەک ژنو مێرد جیادەبنەوە، نەک وەک دایکو باوک، توانای ئەوەیان هەبوو کە بۆ منالەکانی دەربخەن هەردووکیان ڕۆڵی بەخێوکردنیان لەسەرشانە ئەوە کێشەی جیابوونەوەکە بۆ منال رەهەندێکی تر وەردەگرێت بەشێوەیەکی ئاسایی جیابونەوەکە وەردەگرن. بەواتایەکی تر، کێشەی لێکپچڕاندن پەیوەستە بەشێوەی پرۆسەی جیابوونەوەی دایکو باوکەوە، کە ئایا لەکاتی پرۆسەی جیابوونەوەو لەدوای جیابوونەوەیان چۆن دایکو باوکەکە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا دەکەن؟ ئایا ئاشتی یا دژایەتیکردنی یەکتر هەڵدەبژێرێن، یەکتر دواندنو مامەڵەی پەسەند لەگەڵ یەکتر لەبەر ڕێزو کە سایەتی منداڵەکە؟ یاخود لێکدابڕاندنو یەکتر ڕەشکردنو سەرزەنشتو زەمکردن لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان. شەڕ کردن لەسەر منال بەخێوکردنو ڕێگانەدانو قەدەغەکردنی منال کە باوک یان دایک نەبینی، ئەمانە کە هۆکاری سەرەکین ڕۆڵی گرنگی بۆ سەر کەسایەتی منال دەبێت بەچەشنێک وەفای منال بەرامبەر دایک یان باوک کەرت دەکات. ژنێکی کورد کە لەهۆلەندا دەژی، سالانێکی زۆر کێشەی دەروونی هەبوو. گرفتی ئەوەی هەبوو کە بەهەموو ژیانی منالیو گەنجی دایکی خۆی نەناسیوەو بینینی لێقەدەغە کراوە. کاتێ ئەم ژنە تەمەنی دەبێتە هەژدە ساڵو ژیانی هاوسەریی دەستپێدەکاتو یەکەم منالی دەبێ، یەکەم هەنگاوی ژیانی تازەی، دەچێت سەردانی دایکی خۆی دەکات، داوای ڕوونکردنەوە دەکات کە چی ڕویداوەو بۆ پەیوەندیی لەگەڵ ئەم کچەی نەبووە. ئەم ژنە تەمەن هەژدە سالە کاتێ منال بووە لەتەمەنی دوو ساڵیدا بووە، دایکو باوکی لەیەک جیادەبنەوە، هەر لەمنالیەوە ڕێگای بینینی دایکی لێدەگرنو نایەڵن دایکی ئەم کچە ببینێ، ئەم منالە هەر ڕاستی ڕووداوەکەی "کە جیابونەوەی دایکو باوکیەتی" لێنەشاراوەتەوە بەڵکو بەشێوازی ناشرین مامەڵەی ئەم کچە کراوە بەڕادەیەک باوەژنەکەی منالەکەی هەر بە"دایک هەڵگیراو" ناو زەدکردوە، دیارە ئەم باوەژنە هەر ڕقو تورەیی خۆی لەڕێگای منالێکی بێدەسەلات دەڕنەبریوە، بەڵکو کەسایەتی منالێکی بێتاوانی تێکداوە. بەجۆرێک کە منالەکە کێشەی وەفای هەبوە، لەلایەکەوە وەکو هەموو منالێکی دی ئارەزوی بینی دایکی کردوە، لەلایەکی تریشەوە مێشکی پڕ کراوە کە دایکی کەسێکی بێکەڵکو ناپەسەندە هەندێ جار هەستی ڕقو تورەیی بەرامبەر دایکی خۆی هەبووە. کاریگەری ئەم لێکدابڕانە بەجۆرێک کار دەکاتە سەر منالەکە کە لەتەمەنی شەش سالاندا بڕیاردەدات بێ پرسی کەسوکار کۆلانەو کۆلان بڕواتو بۆ دایکی خۆی بگەڕێتو بیدۆزێتەوە، بەڵام دراوسێکان منالەکە دەدۆزنەوەو دیدەنەوە دەست ماڵە باوکی.ئەم منالە لەدڵەوە ئارەزوی ناسینی دایکو بینی دایکی هەبووە، هەموو ژیانی منالی عەودالی ئەوە بووە بزانێ کێ دایکیەتی، پرسیاری هەبووە کە بۆ نابێ دایکی ببینێ، لەدوای سالانێکی زۆر دەرکەوتوە کە دایکی وەکو هەموو دایکی ئاسایی پڕ سۆزو خۆشەویستی بووەو ئارەزوی منال بەخێوکردنی هەبووە بەڵام بەزۆری دەوروپشتی زوڵمی لێکراوە کە منالەکەی خۆی نەبینێ. چونکە جیابۆتەوە. لێرەوە دەردەکەوێ کە پرۆسەی جیابوونەوە خۆی لەخۆیدا چەند سەختو نالەبار بێ بۆ خێزانەکە، بەڵام شاردنەوەی زانیاریو ناڕاستیو قەدەغەکردنی پەیوەندی منال لەگەڵ دایکی یان باوکی، کاریگەری نادروستو تێکدەری بۆ سەر کەسایەتی منال دەبێت. بارودۆخەکە ئەوەندەی تر بۆ منال گرانترو دژوارتر دەکات. گەر پەیوەندیو بینینی یەکێ

لەبەخێوکەرەکان لەمناڵ قەدەغە بکرێ ئەوا کاریگەری ئەم کردارە نابەجێیە لەسەر هەموو ژیانی کەسەکە دەردەکەوێ، بەئەندازەیەک کاتێ کەسەکە خۆی پەیوەندی خۆشەویستی لەژیانی ئایندەدا دروستبکات ئەم ئەزمونە تاڵە لەهەڵسوکەوتیو پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دیدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوەی جێ داخەو ستەمە لەکۆمەڵگای خۆمان گەر ژنو مێرد پەیوەندییان تێکبچێت، ئەو دوو کەسەی کە خاوەن مناڵنو ساڵانێکی زۆر پێکەوە ژیاون ئەوا بەجیابونەوەیان نەک هەر دەبنە کەسێکی نامۆو قسە لەیەکتر دادەبڕن، بەڵکو دەبنە دوژمنی گەورەی یەکو شەڕ بەیەک دەفرۆشن، نەک هەر خۆیان وەک ژنو مێرد جیا دەبنەوە بەڵکو لەهەوڵو کوششیاندایە منداڵیش بکەنە لایەنی ئەو زۆرانبازییەو لەبەرامبەرەکەیی تری جیا بکەنەوە، بۆ نمونە لەرێگای دەستبەسەراگرتنی مناڵو ڕفاندنی مناڵو شاردنەوەو یان هەڵگەڕانەوەی مناڵ بەرامبەر ئەویتر..هتد بەڵام ئەوە لەیاد دەچێت شاردنەوەی مناڵ لەلایەن یەکێ لەبەخێوکەرەکانو لەدژی ئەویتر، سوککردنی ئەو بەرامبەرە لەئامادەیی مناڵ هاوکات تێکدانی کەسایەتی مناڵ دەگرێتەوە، ئەوە لەبیردەکەن کە ژنو مێرد لەڕێگەی ڕێکەوتننامەوە پەیمان دەدەن بەیەکو ژیان دروستدەکەنو هەر بەرێکەوتننامەش جیا دەبنەوە، بەڵام مناڵ دروستکردن ڕێکەوتننامە نیەو پێدراوێکی سروشتیەو گەڕانەوەی بۆ نیە، بەم پێیە جیابونەوەشی بۆ نیە، چۆن دەکرێ مناڵ لەیەکێ لەبەخێوکەرەکان جیابکرێتەوەو لەدەرەوەی پەیوەندی ئەویتر لەبەخێوکەر، بژیت، ئەمە زوڵمێکی گەورەیە بەرامبەر مناڵو تێکدانی کەسایەتیو لەتکردنی وەفایی لەئامێز دەگرێ. کێشەو تاڵاوی جیابونەوە لەیەک کارەساتە، بەڵام مەترسیدارتر دەبێت کاتێ مناڵ وەک ئامڕازێک بئاڵێنە ئەو گێژاوەوە، ئەوە لەیاددەچێت کە ئەو مناڵە لەو دووانە دروستبووە، گەر دایکو باوکی مناڵەکە بەدڕەفتاڕو دەستبڕو ناوزەد بکات، لەڕاستیدا ئەم هێرشکردنە بۆ سەر باوک، هێنانە خوارەوەی کەسایەتی مناڵەکەیە، لەبەرئەوەی نیوەی مناڵەکە، لەباوکی دروستبوە، کەواتە مناڵەکەش خراپو بەدڕەفتارە، دەبێ ئەو مناڵە چ وێنەیەکی نەگەتیڤی لەسەر خودی خۆی هەبێت گەر دایکی بەباوک خراپ ناوی بەرێت، یاخود بەپێچەوانەوە گەر باوک، دایکی مناڵەکە ڕەش بکاتو سوکایەتی پێبکات، چۆن دەکرێ ئەم مناڵانە هەمیشە حاشا لەلایەکی خۆیان بکەن لەو کاتەی کە یەکێ لەبەخێوکەرەکان ئەویتر ڕەشبکات. جیابوونەوەی ژنو مێرد، جیابوونەوەی دایکو باوک نیە، دایکوباوکایەتی بەخششێکی سروشتیەو ناگۆڕدرێتو گەڕاونەوەی بۆ نیە. *

Balans in BewegingIvan Boszoremenyi–Nagy en zijn visie op individuele en gezinstherapie